# ستراتیژی ڕکابەریی

نووسین: گەشتیار غەریب

ناسنامەی کتێب:

- ناوی کتێب:  ستراتیژی ڕکابەریی
- نووسین:  گەشتیار غەریب
- تایپ و پێداچوونەوە: زێوەر غەریب
- نەخشاندنی بەرگ: میر موکری
- نۆرەی چاپ: یەکەم
- ساڵی چاپ:  2023
- تیراژ:  ١٠٠٠ دانە
- نرخ:  ٥ هەزار
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشـــتیی کتێبخانە گشـــتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٨٤٨)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە.
- لە بەرهەمەکانی پڕۆژەی (کارسازی شادمان).
- کتێبی ژمارە (١٣).

چی بکەین تا لە ڕکابەرەکانمان بەهێزتربین
و فرۆشمان لەوان زیاتربێت؟

# بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێشەکی

ساڵی (٢٠٢٠) وێبینارێکی ژان بقوسیانم سەیرکرد لەبارەی ڕکابەری بازاڕەوە. وێبینارەکە کاریگەری گەورەی لەسەرم دانا و خاڵە گرنگەکانیم لای خۆم تۆمار کرد.

پاش چەند ساڵێک بوومە ڕاهێنەر و خولی بوارە بزنسییەکانم دەوتەوە، زۆر زوو تێگەشتم کە کێشەیەکی گەورەی هەموو بزنسەکان ڕکابەرییە. بڕیارمدا کتێبێک بنووسم لەسەر ڕکابەری بازاڕ. گەڕامەوە بۆ وێبینارەکەی ژان بقوسیان و پەیکەرەی کتێبەکەم لە وێبینارەکەوە دروست کرد، پاشتر لەگەڵ زانیارییەکانی خۆمدا تێکەڵم کرد و چەند جارێک بە زانیارییەکاندا چوومەوە تا لە کۆتاییدا بوو بەم کتێبە.

لەگەڵ کتێبەکەدا بە وردی بڕۆن، دڵنیام لە ڕکابەری بازاڕدا زۆر پێشتان دەخات.

گەشتیار غەریب

٢٠٢٣/٩/١٩

سلێمانی

# بەشی یەکەم

# مۆندیالی بزنس

لە یـــاری (تـــۆپی پـــێ) دا، ڕاهێنەرەکـــان کـــاریگەرییەکی گەورەیـــان لەســـەر بـــردنەوەی یارییەکـــان هەیە. کـــاری ڕاهێـــنەر ئەوەیە ڕکـــابەرەکەی بە تەواوی بناســـێت، لە تواناکـــانی تێبگـــات و خاڵە لاوازەکانی بزانێت.

هەوڵبـدات لەو شـــوێنـانەی بەرامبەر بەهێزە بەرگرییبکـات و هێرشبکات  لەو شوێنانەی بەرامبەر لاوازە. ئەو کارەی ڕاهێنەرەکە دەیکات پێی دەوترێت: (هونەری ڕکابەری).

ئـێمە دەزانـین، یانەکـانی تـۆپی پـێ پێویسـتیان بە سـتراتیژە بۆ ئەوەی لە یارییەکاندا براوەبن.

بەڵام پرســـیارەکە ئەوەیە، بـــۆچی بزنســـەکان پێویســـتیان بە ستراتیژ هەیە؟

وەڵام:

چـــونکە ژمـــارەی بزنســـەکان بەتەواوی زیادیـــان کـــردووە. کڕیارەکانیش زۆر وریاتر لە جاران پارەکانیان خەرجدەکەن.

ئەگەر بچـووکترین گرفـت لە کارەکەتـدا ببیـنن، بەخێرایـی جێـت دەهـێڵن و دەچـن بـۆ لای ڕکابەرەکانـت. بـۆ ئەوەی بتوانیـت لەم

یـــارییەی بـــازاڕدا بیبەیـــتەوە، پێویســـتە خـــاوەنی زیرەکییەکـــی زۆربێت.

زۆرێـــک لە خاوەنکارەکـــان بیرکردنەوەیەکـــی هەڵەیـــان هەیە، وادەزانـــن ئەگەر ڕۆژانە بچـــن دەرگـــای دوکانەکەیـــان بـــکەنەوە یـــان لە پەیجەکانیـــانەوە ڕیکـــلام بـــکەن؛ ئیتـــر فرۆشـــیان باشـــدەبێت و سەرکەوتوودەبن لەبازاڕدا.

بەڵام ڕاســـــتیەکە ئەوەیە کە زۆر زەحـــــمەتە بتوانیـــــت لە بـــازاڕدا ســـەرکەوتووبیت، بەبـــێ هەبـــوونی ســـتراتیژییەکی بـــاش بۆ ڕکابەری بازاڕ.

ســـاڵانی ڕابـــردوو، کڕیارەکـــان هێنـــدەی ئێســـتا بژاردەیـــان لەبەردەســـتدا نەبـــوو. هەر بزنســـێکت بکـــردایە، خـــۆت تـــاکە کەسی بوارەکە بوویت، یان ڕکابەرەکانت زۆر کەم بوون.

بـــۆ نمـــوونە: لە ســـاڵی (٢٠٠٠) دا، بچویتـــایە بـــۆ بـــازاڕ بـــۆ کڕینـــــی بـــــرنج، تەنهـــا چەنـــد دوکـــانێکی کەم هەبـــوون کە دەیانفرۆشـــــت. بەڵام لە ئێســـــتادا هەزاران فرۆشـــــگا بـــــرنج دەفرۆشن.

ئەگەر فرۆشـــگایەکت بەدڵ نەبـــوو، بەجێـــی دەهێڵیـــت و دەچیتە دانەیەکیتر!

ســـــاڵانی ڕابـــــردوو: کەبابخانەکـــــان، جلفرۆشـــــییەکان، مۆبایلفرۆشـــەکان، مۆبیلیاتەکـــان، فرۆشـــیارانی ئۆتۆمبێـــل و

جوانکـاری خانمـان ژمارەیـان لە ئێسـتا کەمتربـوو. بەڵام ئێسـتا ئەوەنـدە زۆرن کە زەحـمەتە بتوانیـت بزنسـێک دروسـتبکەیت و سەرکەوتوو ببیت لەناو ئەم هەموو کێبڕکێیەدا.

ئێسـتا تەنـانەت بزنسـە زۆر گەورەکـانیش لە ڕکابەریـدان و پێویستییان بە ستراتیژی هەیە تا بتوانن بمێننەوە.

یەک جار و بۆ هەمیشە بزانە:

ئەو سـەردەمە بەسـەرچوو کە پێتوابێـت: ئەگەر نرخـی گونجاو و کاڵای باشت هەبێت، ئیتر خەڵک دێن و دەیکڕن!

بەبێ ستراتیژ و بازاڕکاریی سەرناکەویت.

خاوەنکارە ئاساییەکان دەڵێن:

ئـێمە کـارەکەی خۆمـان دەکەیـن تـا لە کۆتایـدا ئەو خەڵـکە دەزانن ئێمە لەسەر هەقین و دێن کاڵاکانمان دەکڕن.

دەزانیت بۆچی ئەم بیرۆکەیە هەڵەیە؟

چـونکە ئەوەنـدە پـارەت پـێ نیـیە، سـاڵانێکی زۆر چـاوەڕێ بکەیـت بـۆ ئەوەی خەڵـک بـێن و کـاڵاکەت تـاقیبکەنەوە و بـزانن باشـە. پـێش ئەوەی ئەوان بـزانن، تـۆ بزنسـەکەت دادەخەیـت و دەچیتەوەماڵەوە.

ڕکابەرەکانـت بەهـۆی سـتراتیژییەکانیانەوە خەڵـک بۆخۆیـان ڕادەکێشن و بەرهەمەکانی خۆیان دەفرۆشن.

## کەوایە چارەسەر چییە؟

وەڵام: چارەسەر ئەوەیە، خاوەنی ستراتیژییەکی ڕوون و ئاشکرابیت بۆ ئەوەی لەو بازارەدا سەرکەوتووبیت و کۆمەڵێک کڕیار لەدەوری خۆت کۆبکەیتەوە و بەردەوام لای تۆ بکڕن؛ کەسە نزیکەکانیشیان بنێرن بۆلای تۆ.

ئەگەر کێشەی ڕکابەریت هەیە، مۆبایلەکەت بکوژێنەوە و بچۆ جێیەک کە تەنها بیت و دەستبکە بە خوێندنەوەی کتێبەکە.

ئەم کتێبەمان نوسیوە تا هاوکاریت بکەین، تۆش هاوکاری خۆتبە و لەبەر خاتری داهاتووی بزنسەکەت واز لە کارەکانیتر بهێنە و کتێبەکە بخوێنەوە.

## وریابە:

ئەگەر بتوانیت لە بازارەکەدا بفرۆشیت و کۆمەڵێک کڕیاری ڕازیش لە خۆت کۆبکەیتەوە. ئەو ڕکابەرانەی کە پێش تۆ لە بازارەکەدا بوون، بێ کار دانانیشن و سەیرت بکەن گەشە بکەیت.

ئەوانیش کارێک دەکەن بۆ ئەوەی پارەی کڕیارەکان ببەن بۆ خۆیان. لەبەر ئەوە دڵنیابە، بەبێ هیچ دوودڵییەک پێویستت بەخوێندنەوە و تەواوکردنی ئەم کتێبە گرنگە هەیە.

# کۆلا و پیپسی

خواردنەوە گازییەکان، بزنسێکی ملیار دۆلارین.

دوو لە براندە زۆر گەورەکانی دنیا بریتین لە: (پیپسی و کۆلا). ئەم دوو کۆمپانیایە ساڵانێکی دوور و درێژە ڕکابەری دەکەن.

دەزانیت، بە شێوەیەکی گشتی کامیان لەپێشەوەیە؟

تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، کۆکاکۆلا لە ڕکابەرییەکەدا لەپێشترە.

شتێکی سەیر هەیە.

لەم ساڵانەی دواییدا (پیپسی) چەند جارێک تاقیکردنەوەیەکی ئەنجامدا.

ئەو تاقیکردنەوەیە پێی دەوترێت (تاقیکردنەوە بە چاوی داخراوەوە). لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆدا، کۆمەڵێک میوانی زۆر بانگهێشت کراون.

هەر کەسێک بیەوێت دەتوانێت بەشداری تاقیکردنەوەکە بکات. چاوی بە پەڕۆیەک دەبەسترێت. دواتر لەسەر مێزێک دوو پەرداخ دادەنرێت کە یەکێک لە پەرداخەکان (کۆکاکۆلا)ی تێدەکرێت و ئەوەیتر (پیپسی).

هەمـــوو ئەوانەی لە ژوورەکەدان دەیبیـــنن و دەزانـــن کـــام پەرداخەیان کام خواردنەوە گازییەی تێدایە.

دواتـــر بەژداربووەکـــان دەبـــرێنە ســـەر مێـــزەکە و ســـاردییەکان تـــاقی دەکەنەوە. پاشـــتر دەڵـــێن: فڵانیـــان تـــامی خۆشـــتربووە. بەبـــێ ئەوەی خۆیـــان بـــزانن کامیـــان کـــۆلایە و کامە بیبسییە.

ئەوەی ســـــــەیرە، زۆریـــــــنەی بەشـــــــداربووان دوای تـــاقیکردنەوەکە دەڵـــێن: ئەو پەرداخەیـــان تـــامی خۆشـــتربووە کە (پیپسی) تێکراوە.

ئەگەرچـــی (پیپســـی) ئەو تـــاقیکردنەوانەی ئەنجامـــداوە و بڵاویشـــی کـــردوونەتەوە. بەڵام تـــا ئێســـتا نەیتوانیـــوە بەســـەر ڕکابەرەکەیدا سەربکەوێت، کە تامی هێندەی ئەم خۆش نییە!

هەمیشـــــە فرۆشـــــی (پیپســـــی) کەمتـــــرە. دوای ئەو تـــــاقیکردنەوانە، بـــــۆ مـــــاوەیەکی کەم لە بـــــازاڕدا فرۆشـــــی زیاتردەبێـــت. بەڵام دوای چەنـــد هەفـــتەیەک بە ئـــارامی فرۆشـــی (پیپسی) دەچێتەوە ئاستەکەی پێشتری.

ئـــێمە نامانەوێـــت بڵێـــین: بەرهەمـــی بـــاش و خزمەتگـــوزاری کڕیـــار گرنـــگ نـــین. بەڵکـــو وایـــدادەنێین تـــۆ خـــاوەنی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکی باشیت.

ئەگەر کێشـــەی خزمەتگـــوزاری کڕیـــارت هەیە، پێشـــنیاری کتێبی (کڕیارەکانت زیادبکە)ت بۆ دەکەم.

دەمانەوێت بڵێین:

ئەگەر بەرهەم و خزمەتگوزارییەکەشـــــــت باشـــــبێت، بەڵام ستراتیژی ڕکابەریت نەبێت، سەرکەوتوو نابیت.

# بەشی دووەم

# ستراتیژ چییە؟

بـــۆ ئەوەی لە ڕکـــابەری بـــازاڕدا ســـەرکەوتووبیت، دەبێـــت ستراتیژی ڕکابەریت هەبێت.

پرسیارەکە ئەوەیە: ستراتیژچییە؟

کاتێــک کە دەچــین ســەیری (فەرهەنگەکــان) دەکەیــن و بــۆ وشەی ستراتیژی دەگەڕێین. پێناسەکەی بەم جۆرە کراوە.

ســـتراتیژ: بـــریتییە لە ڕێکخســـتنی هێزەکـــان بەجۆرێـــک لە ڕکابەرەکان سەرکەوتووتر بین.

ســـتراتیژ، وشـــەیەکی جەنگـــیە و ســـەرەتا لە جەنگەکـــانەوە سەری هەڵداوە.

لە ســـەرەتای دروســـتبوونی شـــەڕی نێـــوان مرۆڤەکانـــدا، دوو ســـوپا بـــۆ شـــەڕکردن بەرامـــبەر یەک دەوەســـتان. پەلامـــاری یەکیان دەدا و دەکەوتنە شەڕ لەگەڵ یەکدا.

ئەو ســـوپایەی کە ژمـــارەی ســـەربازەکانی زیـــاتربوایە و بـــازۆڵە ئەســـتوورتر بـــووایە، ســـەردەکەوت بەســـەر ســـوپاکەی تردا.

دوای مـــــاوەیەک، ژەنراڵەکــــان بیریــــان کــــردەوە: ئەگەر ژمارەیان کەمتربوو، چۆن دەتوان شەڕەکە ببنەوە؟

ئامـــانجەکە ئەوەبـــوو، وزەیەکـــی کەمتـــر بەکاربهێنرێـــت و بـــراوەیش بـــن. ئیتـــر چەنـــدین شـــێوازی جیاوازیـــان دۆزیـــیەوە و بە شێوازەکانیان وت: (ستراتیژ).

بـــۆ نمـــوونە: یەکێـــک لەو ســـتراتیژیانەی لە جەنگەکانـــدا بەکـــاردەهێنرا، (ســـتراتیژی غـــافڵگیرکردن) بـــوو. کە ســـوپایەک سوپای بەرامبەری غافڵگیر دەکرد.

ئەویـش بەم جـۆرە بـوو: ژمـارەیەک سـەربازیان دەنـارد بـۆ شـــوێنێک و خۆیـــان دەشـــاردەوە. بـــۆ نمـــوونە: دەچـــونە ســـەر گردۆڵکەیەک و خۆیان دەشاردەوە.

ســــەربازەکانیتر لەگەڵ دوژمنـــــدا دەکەوتـــــنە شـــــەڕ. دوای کەمێـک لە شـــەڕکردن وایـــان پیشـــاندەدا شـــەڕەکەیان دۆڕانـــدووە و بەرەو گردۆڵکەکە هەڵدەهاتن.

ســـوپای دوژمنـــیش دوایـــان دەکەوت بـــۆ لای گـــردۆڵکەکە. لەســـەر گـــردۆڵکەکەوە کۆمەڵێـک ســـەربازی بەتوانـــا دەردەپەڕیـــن و لە پشتیشەوە کۆمەڵێک سەربازیتر پەلاماری دەدان.

ســـوپای دوژمـــن، هەرچەنـــدە گەورەش بـــوایە، لەبەر ئەوەی لە پشـــــتەوە و لە پێشـــــەوە پەلامـــــار دەدرا، تووشـــــی شـــــۆک

دەبـــوون و زیـــانێکی گەورەیـــان بەردەکەوت و شـــەڕەکەیان دەدۆڕاند.

بەهـــۆی بەکارهێنـــانی ســـتراتیژییەوە کۆمەڵێـــک لە ســـوپاکان بەسەر دووژمنەکەیاندا سەردەکەوتن.

یەکێـــک لە شـــەڕە بەناوبانگەکـــانی مێـــژوو، شـــەڕەکەی نێـــوان (ئەلیکســـاندەری مەزن) و (داریـــوش)ە. برایـــان ترەیســـی لە یەکێک لە خولەکانیدا باسی ئەم شەڕەمان بۆدەکات.

(ئەلیکســـاندەری مەزن) تەنهـــا (٥٠ هەزار) ســـەربازی هەبـــوو، ســـوپاکەی (داریـــوش) (١ ملیـــۆن) ســـەرباز بـــوون، بەڵام (ئەلیکســـاندەر) لە شـــەڕەکەدا ســـەرکەوتووبوو، داریـــوش تێکشکا.

بە دڵنیـــایی دەپرســـیت چـــۆن (٥٠ هەزار ســـەرباز) سوپایەکی (١ ملیۆن) سەربازییان تێکشکاند؟

ستراتیژەکە بەم جۆرەبوو:

ســـەربازەکانی ئەلیکســـاندەر، لە کـــاتی وەســـتاندا بەڕیزێکـــی ڕێک نەوەستابوون، بەڵکو بە شێوەی قادرمەیی وەستابوون.

واتـــا ڕیزەکەیـــان لاربـــوو، ســـەربازێک وەســـتابوو، ســـەربازەکەی دەســـتی ڕاســـتی (١) مەتـــر لە پێشـــتر وەســـتابوو، سەربازەکەی دەستی چەپی (١) مەتر لە دواترەوە وەستابوو.

سـوپاكەی داریـوش یەكەم جـاربوو ببیـنن سـوپا بەو جـۆرە بوەستێت، بۆیە نەیاندەزانی چۆن هێرش بكەن.

هەرچۆنێــــك بێـــت هێرشـــیان هێنـــا، بەڵام هەمـــوو ســــەربازەكانی (ئەلیكســـاندەری مەزن) بەلای ڕاســـتدا چەنـــد مەترێــك جــوڵان، ســـوپا (١ ملیــۆنییەكە) نەیانــدەتوانی بجــوڵێن بەلای ڕاستدا چونكە ژمارەیان زۆربوو.

تــا كــات بڕۆشــتایە ســوپا (٥٠ هەزاریــیەكە) بەلای ڕاســتدا زیــاتر دەجــوڵا. لە پــڕدا ســوپا بچــووكەكە خۆیــان لادا و (٥٠٠٠) ســـەربازی شـــەڕكەر بە شـــێوەیەكی زۆر كـــۆكراوە لە مەودای چەند مەترێكەوە هاتنە ناو شەڕەكە.

بەڵام ئەو (٥) هەزار ســــــەربازە هەموویـــــان لە مەودای چەنـــد مەترێكـــی كەمەوە هێرشـــیان كـــرد بـــۆ ئەو شـــوێنەی (داریـــوش) خـــۆیی لێبـــوو، ئامانجیـــان ئەوەبـــوو (داریـــوش) بكوژن.

بەمجـــۆرەش ئەو (٥ هەزار) ســـەربازە لەگەڵ چەنـــد ســـەد ســــەربازێكدا شـــەڕیان دەكــــرد. (١ ملیـــۆن) ســــەربازەكە شپرزابوون چونكە مەجالیان نەبوو بچنە ناو شەڕەكەوە!

ســــوپاكەی ئەلیكســــاندەر ڕاســــتەوخۆ بەرەو كەژاوەكەی (داریـــوش) چـــوون تـــا بیكـــوژرن. دەیـــانزانی ئەگەر (داریـــوش) كوژرا، ئیتر دوژمن یەكسەر دەشكێت.

(داریــوش) بەپەلە ســواری ئەســپەکەی بــوو و لە مەیــدانی شــەڕەکە هەڵهــات. کاتێــک جەنڕاڵەکــان بینیــان داریــوش هەڵهــات، ئەوانــیش هەڵهــاتن و (٤٥) هەزار ســەربازەکەی تــر پەلاماریــان دان لە دواوە و کوشتارێکی گەورەیان کرد.

بەهــۆی ئەم ســتراتیژەوە، ســوپایەکی گەورەی (١ ملیــۆن)ی شکســتیان هێنــا، لە کاتێکــدا تەنهــا (٥ هەزار) ســەرباز هێرشــیان کردە سەریان!

# ستراتیژ لە بزنسدا

ئەم ستراتیژەی سەرەوە لە جەنگدابوو، ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە:

ستراتیژ لە بزنسدا مانای چییە؟

وەڵام: ستراتیژ لە بزنسدا واتا: ڕێکخستنەوەی وزە و سەرچاوەکانمان بەجۆرێک کە لە ڕکابەرەکانمان سەرکەوتووتر بین.

- وزە: ئەو کەسانەن کە لە بزنسەکەدان.
- سەرچاوە: توانای مادی و مەعنەوی خاوەن بزنسە.

خاوەنکارە ئاساییەکان هەڵەیەک دەکەن و دەڵێن: ئێمە ڕۆژانە کاری خۆمان دەکەین، پێویستمان بە هیچ نییە!

بەڵام بەردەوام دێنە دواوە و تا دەگەنە جێگەیەک کە دەبێت بزنسەکە دابخەن، دواتر دەڵێن: خوا ڕسقی نەداین!

## شەڕی بزنس

زۆرینەی خەڵکی هەستێکی ناخۆشیان هەیە بۆ ڕکابەری. دەڵێن: ڕکابەری کارێکی خراپە. کاری خۆمان دەکەین و بەس، ئێمە حەزمان لە شەڕ نییە!

قسەکەیان تەواوە و بزنس شەڕ نییە، بەڵام کێبڕکێیەکی زۆر توند لە نێوان بزنسەکاندا هەیە بۆ بەدەستهێنانی پارەی گیرفانی کڕیار.

وەک (برایان ترەیسی) دەڵێت: بەیانیان ڕکابەرەکانت لەخەو هەڵدەستن، بیردەکەنەوە: ئەمڕۆ چی بکەن، تا هەموو خەڵکی لەوان شت بکڕن و کەس لە تۆ نەکڕێت.

ئەگەر بتەوێت سەرکەوتووبیت، تاکە چارەسەر ئەوەیە: تۆش وەک ئەوان بیر بکەیتەوە و بڵێیت: چی بکەم تا خەڵکی لە من بکڕن؟

کەواتە: دەبێت وزەی خۆت کۆبکەیتەوە، لەسەر هێنانی کڕیار و فرۆشتن پێیان.

(جاک تراود)، یەکێکە لەو کەسانەی کە لەسەر ستراتیژی کاریکردووە، دەڵێت: لە جەنگدا، کەس ناتوانێت هیچ بیانوویەک بهێنێتەوە!

شـــتێکی پێکەنینـــاویە ســـەرکردەیەک بڵێـــت: شـــەوی پێشـــتر کەم خەوتـــــووم، ئەمـــــڕۆ نـــــاتوانم شـــــەڕ بـــــکەم، کەمێـــــک پشوودەدەم!

ناکرێـت لە شــەڕدا بیــانوو بهێنیــتەوە. لە بزنسیشــدا ناتوانیــت بیانوو بهێنیتەوە.

هەرگیـــز ناتوانیـــت بڵێیـــت: چـــونکە پـــارەیەکی کەمتـــرم لە ڕکابەرەکـــــانم پێـــــیە، دەچـــــم پشـــــوویەک دەدەم بـــــا ئەوان کڕیارەکان ببەن بۆخۆیان!

گرنـــگ نیـــیە چەنـــدە پـــارەت پێـــیە، گرنـــگ ئەوەیە تـــۆ لەشەڕدایت.

لەجێـــی ئەم بیـــانووانە، بەپەلە ســـتراتیژیەک دابڕێـــژە بـــۆ بزنسەکەت، تا براوەبیت و کڕیار بۆخۆت دروستبکەیت.

(جـــاک تـــراود)، دەڵێـــت: ئـــێمە لە شـــەڕێکی بەردەوامـــداین لەگەڵ هەمـــوو بزنســـەکانی تـــردا. شەڕەکەشـــمان لەســـەر یەک شتە: شوێنی خۆمان لە مێشکی کڕیارەکاندا!

دەبێـت کارێـک بکەیـن، بزنسـەکەی ئـێمە لە مێشـکی کڕیـاردا لەپێش بزنسەکانی ترەوە بێت.

واتـــا: ئەگەر ئــێمە تـــایەی ئۆتۆمبێــل دەفرۆشـــین، دەبێــت وا بکەیــن کاتێــک کڕیــارەکە ویســتی تــایەی ســەیارەکەی بگۆڕێــت، یەکەم کەس ئێمەی بێتە خەیاڵ.

## بۆ داواکردنی کتێبەکە

☑ سەردانی ئەم لینکە بکەن:

https://forms.gle/9ignv41VZcUccJo48

# پێڕست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| بەشی یەکەم: مۆندیالی بزنس | ٧ |
| بەشی دووەم: ستراتیژ چییە؟ | ١٥ |
| بەشی سێیەم: سێ جۆرەکەی ستراتیژ | ٢٥ |
| بەشی چوارەم: ناسینی ڕکابەرەکان | ٣٣ |
| بەشی پێنجەم: لێکۆڵینەوە لە ڕکابەرەکان | ٣٩ |
| بەشی شەشەم: شیکارکردنی ڕکابەرەکانت | ٤٥ |
| بەشی حەوتەم: سوودی ڕکابەریی | ٥٧ |
| بەشی هەشتەم: هێرشکردن | ٧٧ |
| بەشی نۆیەم: تەرکیزکردن | ٩١ |
| بەشی دەیەم: فراوانسازی | ١٠٥ |
| بەشی یانزەیەم: دەرهێنانی سوود | ١١٣ |
| بەشی دوانزەیەم: غافڵگیرکردن | ١١٩ |
| بەشی سیانزەیەم: یەکگرتن | ١٢٩ |

| | |
|---|---|
| بەشی چواردەیەم: سەرنجڕاکێشان | ١٣١ |

## بەرهەمەکانی گەشتیار غەریب

| ژ | ناوی کتێب | شێواز |
|---|---|---|
| ١ | شادمانی لە ناوجەرگەی سەختییەکاندا | وەرگێڕان لە ئینگلیزی |
| ٢ | دوای دڵت بکەوە | وەرگێڕان لە ئینگلیزی |
| ٣ | ڕێی ساماندداربوون | ئامادەکردن |
| ٤ | دەستکەوتت زیادبکە | ئامادەکردن |
| ٥ | کاتت زیادبکە | ئامادەکردن |
| ٦ | دەرمانی کاردواخستن | ئامادەکردن |
| ٧ | بازاڕکاریی دەروونی | وەرگێڕان لە فارسییەوە |
| ٨ | وەک دکتۆرەکان بفرۆشە | نووسین |
| ٩ | کڕیارەکانت زیاد بکە | نووسین |
| ١٠ | شکاندنی سنوورەکانی فرۆش | وەرگێڕان لە فارسییەوە |
| ١١ | بزنس ئەمەیە | وەرگێڕان لە فارسییەوە |
| ١٢ | فرۆشتن لە پەیجدا | نووسین |
| ١٣ | ستراتیژی ڕکابەری | نووسین |

بۆ داواکردنی کتێبەکان نامە بنێرن بۆ (پەیجی کارسازی شادمان)، یان پەیوەندی بەم ژمارەیەوە بکەن: 07732640268